# زمان و بیر

د. محمد زەهاوی د. دارا حەمید
فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان و وەرزش / زانکۆی گەرمیان
فاکەڵتی پەروەردە / زانکۆی گەرمیان

## پێشەکی

زمان سیستمێکە لە هێما دەنگییەکان، مرۆڤ بەکاری دێنێت بۆ گوزارشت کردن لە بیرۆکەکانی ، هەڵچوون و ئارەزووەکانی ، زۆربەی زمانەوان و فەیلەسووفەکان وا دەبینن کە زمان و بیر بەتەواوەتی وابەستەی یەکترن ، چونکە هیچ بیرۆکەیەك بەشێوەیەکی ڕووتەواڵە لە زمان نایەتە دی و زمانیش داناماڵرێت لە بیر .

لەم لێکۆڵینەوەیەدا کە بە ناونیشانی (زمان و بیر)ەوەیە هەوڵ دەدەین پەیوەندی توند و تۆڵی نێوان بیر و زمان بخەینە ڕوو و شییان بکەینەوە.

لێکۆڵینەوە زانستییەکان لەبارەی زمانەوە ، لای هەندێ توێژەران ، ئەوەیان سەلماندووە کە ناکرێ بوترێ بیر پێشترە لە زمان ، یان یەکێکیان لەپێشی ئەوی دیکەیانە بەشێوەیەگی گشتی هەردووکیان لەژێر کاریگەری یەکتردان ، دەگونجێ وەك یەك کار لەیەکتر بکەن ، بەڵکو کاریگەری زمان لەسەر بیر ڕەنگە بەهێزتر بێت لە کاریگەری بیر لەسەر زمان .

بەڵام گروپێکی کەم وای بۆ دەچن ، کە هیچ وابەستەییەکی جۆری لەنێوان بیر و زماندا نییە و پێشیان وایە کە بیر بوونێکی سەربەخۆ و جودای هەیە لە وشە و وەرگرتنی زمان (فێربوونی) مەرجێکی سەپاو نییە بۆ پرۆسەی بیرکردنەوە ، بەڵگەی هەندێکیشیان بۆ ئەمە کەڕ و لاڵە ، کە وەك خەڵکی تر بیر ئەکەنەوە ، بەڵام بەبێ زمان ، لە هیچ حاڵەتێکیشدا ناکۆکی نییە لەمەڕ بوونی پەیوەندییەکی ئەزەلی لە نێوان زمان و بیردا .

زمان یەکێکە لە ڕەگەزەکانی چییەتی ماهییەتی مرۆڤ ، بۆیە فەیلەسووفەکان لە کۆندا کە پێناسەی مرۆڤیان کردووە ، وتویانە ئاژەڵێکی گۆیایە ، کاتی خۆی وشەی (ناگق) بەمانای ئاوەز ، یا قسە بووە ، پاشتر سەلمێنرا بیر نییە بەبێ قسە و قسەش نابێت بەبێ بیر ، بەڵکو هەریەکەیان ئەوی تریانە .

گرنگی توێژینەوەکە :

**لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵ دەدەین کە پەیوەندییە ئاڵۆز و هاوتاکان لە نێوان زمان و بیردا بەتەواوی ڕوون بکەینەوە ، ئەم بابەتە پێشتر توێژەرەکانمان بەشێوەیەکی فروان و تێروتەسەل باسیان نەکردووە ، لەگەڵ ئەوەی گرنگییەکەی لەوەدا دەردەکەوێ کە یەکەم لە ڕێکخستن و دیسپلینگ کردنی بیری مرۆڤ بۆ ئەوەی ڕوون و بەرهەمهێن بێت ، دووەم هەروەها سووربوون لەسەر وردی زمان بۆ ئەوەی چڕوپڕ بێت ، گوزارشتکەری تەواو بێت لە بیر . بیر بەبێ زمان وێنا ناکرێ ، زمانیش بەبێ بیر تەنها زۆر بڵێیەکی بەتاڵە و هیچ واتایەکی نییە ، بۆیە دەخوازێت ئەم لێکۆڵینەوە دووسەر ئامانجە سەرەتایەك بێت ، بۆ لێکۆڵینەوەگەلێك کە خەڵکی پسپۆڕ لە بواری بیر و زمان ئەنجامی بدەن .**

ئامانجەکانی لێکۆڵینەوەکە :

**ئەم لێکۆڵینەوەیە مەبەستێتی کە بگات بەم ئامانجانە :**

**١. ڕاڤەکردنی پەیدابوونی زمانی مرۆیی لە ڕێگەی جێگا بەرپرسەکان لە ئەرکە زمانەوانییەکان لە ڕووی دەنگ و ئاماژە و نیشانەوە .**

**٢ـ لە ڕاستیدا ، زمانی مرۆیی نەگەیشتۆتە ئاستی کامڵبوون لە ڕووی ڕووتەواڵەیی و گشتاندنەوە ، ئەگەر بەهۆی پەیوەندییە فەسلەجییەکانەوە نەبێت کە هەستەکان و ئەندامەکانیی و ناوەندە مۆخییەکان پێکەوە گرێ دەداتەوە لەلایەکەوەو ژینگەی سروشتی و کۆمەڵایەتی لەلایەکی دیکەوە .**

٣ـ ئـەم لێکۆڵینـەوەوە پەیوەنـدی دەنگسـازی ( ئەندامـەکانی قسـەکردن و پێشـەکەوتنەکانی ) بـە زانسـتی فەسـلەجەوە دەخاتـە ڕوو کـە کاریگـەریی دەبێـت لـە دروسـتکردنی دەنگـەکان لـە ڕێگـەی پێشکەوتنی ئەندامەکانی دەنگەوە .

٤ـ پەیوەندی نێوان وشە و واتا لە دوو ڕووەوە دەبێت :

**یەکەم : نیشانە و ئاماژە و هێماکان کە تایبەتن بە مرۆڤەوە .**

دووەم : زمان و بیر .

٥. ئەم لێکۆڵینەوەیە دەچێتە ئەوکایەی زانستی زمانەوە ، کە بە زانستی زمانی بایۆلۆجی ناوزەند دەکرێ ، هەڵدەستێت بە پەی پێبردنی پەیوەندی نێوان ئەرکە زمانەوانییەکان و ئەرکە مۆخییـەکان یان ئاوەزییـەکان ، چونکە ئـەم پـەی پێبردنـە دەروازەی فـراوان دەکاتـەوە بـۆ ڕاڤـەکردنی زۆرێـك لـە دیاردە زمانەوانییەکان لـەلای مـرۆڤ لـە منداڵیـەوە ، و دانانی چارەسـەری گونجاو بـۆی بەتایبـەتی لـە هەردوو کایەی پەروەردە و فێرکردندا .

ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە : ئەم لێکۆڵینەوە بەپێی ڕێبازی پەسنی شیکەرەوەیی ئەنجام دراوە .

ئـەم لێکۆڵینەوەیـە لـەم پێشـەکییە و دەروازەی چـوونە نـاو بابـەت و دوو بـەش پێـك هـاتووە بـەم شێوەیە :

بەشی یەکەم : باس لە چەند تیۆرییەك سەبارەت بە زمان و پەیدابوونی زمان دەکات .

بەشـی دووەم : بابەتـەکانی زمـان و بیر دەخاتـە بەرباس و لێکۆڵینـەوە . لـە کۆتاییشـدا گـرنگترین ئەنجامەکانمان خستۆتە ڕوو ئاماژەشمان بە سەرچاوەکان کردووە .

ڕێخۆشکردن یان دەروازەیەك بۆ لێکۆڵینەوەکە :

پەیدابوونی زمان :

پێش قسەکردن لەسەر پەیـدابوونی زمـان دەبێـت واتـای زمـان بزانین ، هـەروەك زانایـانی (زانسـتی کـەلام) پێناسـەیان کـردووە وتویانـە : کۆمەڵـە دەنگێکـە کـە هـەموو گـەلێك گـوزا رشـتی لـە مەبەستەکانیان پـێ دەکـەن[١] ، زمـان لای یۆنـانی و ڕۆمانییـەکان بـە کەمۆڵـەی بیر یـان ئاوێنەیـەکی ئاوەژووی دادەنرێت، لـەلای فەیلەسـووفەکان و لۆژیك زانـانیش بریتییـە لـە ڕێگەیـەك بـۆ گەیانـدن و بـەردەوام بـوون یـان گواسـتنەوەی بیرۆکـە و سـۆز و ئارەزووەکـان بـەهۆی دەنـگ یـان هێمـا دەنگییەکانـەوە ، لـە زانـا نوێیـەکانیش (سـابیر)[٢] دەڵێـت : (( ڕێگەیـەکی مرۆیـی پوختـە و غەریزی نییە ، بۆ گەیانـدنی بیرۆکـە و هەڵچوون و ئارەزووەکان بەهۆی هێماکانەوە بە ڕێگەیـەکی خۆویستانە دێتەدەرێ .)) .

هـەروەك د.فوئـاد مـەرعی لـە پێناسـەکەیدا دەڵێـت : ((زمـان سیسـتمێکە لـە ئامـاژە دەنگییـە سەربەخۆکان ، کە خۆبەخۆ لە کۆمەڵگەدا پەیدا دەبێت ، بەمەبەستی لێك تێگەیشتنی تاکەکان بەکار دەهێنـرێ ، زمـان دەتوانێـت گوزارشـت لـە سـەرجەم زانیارییـەکانی مـرۆڤ و بۆچـوونەکانی لەمـەڕ جیهانەوە بکات))[٣] .

دەربارەی پەیدابوونی زمان ، زانایان بوونەتە چەند بەشێك ، ئەم دابەش بوونـەی زانایانیش بۆتـە هۆی دەرکەوتنی چەند تیۆرێك ، لەوانە :

یەکەم : تیۆری ئیلهامبەخش :

شوێنکەوتوانی ئەم تیۆرە وای بۆ دەچن کە بنچینەی زمانی مرۆیـی دەگەڕێتەوە بۆ ئیلهامێکی خـوایی[٤] کـە دابـەزیوە بـۆ مـرۆڤ ، فێـری قسـە و نـاوی شـتەکانی کـردووە ، ئـەم تیـۆرە هـی فەیلەسووفەکانی یۆنانە وەك هیروقلیتس و ئەفلاتون لە چاخە کۆنەکاندا.

دووەم : تیۆرە نوێیەکان :

لێکۆڵینەوە لەمەڕ بنچینەی زمان و پەیدابوونییەوە نەوەستاوە ، لە سەدەی نۆزدەی زاینیدا چەند تیۆرێکی نویٚ هاتنە گۆڕیٚ ، لەوانە :

١ـ غەریزەی قسەکردن : خاوەنانی ئەم تیۆرە دەڵێن ، بنچینەی زمان بۆ غەریزەیەکی تایبەت دەگەڕێتەوە کە وا لە مرۆڤ دەکات ، بتوانیٚ گوزارشت لە هەڵچوون یان شتەکان بکات بە وشەیەکی تایبەت و بەشێوەیەکی خۆبەخۆیانە ، لە هەڵگرانی بیروباوەڕی ئەم تیۆرە زانای فەرەنسی فندرس و زانای ئەڵمانی مکی مولر و زانای فەرەنسی رینان .

٢ـ هەندیٚ لە زانایان دەڵێن زمان بە هاوار و ناڵە[٥] دەستی پێکردووە کە لە مرۆڤەوە دەردەچێت لە کاتی دڵتەنگی و خۆشی و سەرسووڕماندا ، ئەمانەش پشت بە تیۆرەکەی داروِن دەبەستن کە دەڵێت بوونەوەرە زیندووەکان لە گەشەکردندان ، لە کاتێکدا کە ئەوانەی بڕوایان بەم تیۆرە نییە دەڵێن ئەم دەنگانە بەشێوەیەکی خێرا و (لە پڕ) دەردەپەڕن کە دوورە لە قسەکردنەوە.

٣ـ هەندێکی تر پەیدابوونی زمان دەگێڕنەوە بۆ پرۆسەیەکی گروپی کە تاکەکان وەختیٚ کارێکی گران ئەنجام دەدەن هاوکاری یەك دەکەن بۆ جێبەجیٚ کردنی ، ئەوان وای دەبینن کە مرۆڤ هەست بە خۆشی و حەوانەوە دەکات کاتێك کارێکی قورس دەکات ، و هەناسەکی قووڵ هەڵدەکێشیٚ ، یان ڕەنگە لەکاتی کارکردندا کۆمەڵە دەنگێکیان لیٚ دەربچێت کە پەیوەندی بەکارەکەیانەوە هەبێت دواتر ئەو دەنگانە ئاماژە بۆ ئەو کارە بکەن هەرکاتێك کارەکە دووبارە بووەوە .

سێیەم . تیۆری هاوچەرخ :

خاوەنانی ئەم تیۆرە بە گشتی لە هەموو تیۆرەکانی پێشەوەیان کۆڵیوەتەوە و سەرنج و تێبینی و ئەزموونەکانی خۆیانیان تۆمار کردووە . لەو ڕێیەشەوە تیۆرێکی نوێیان بۆ خۆیان داناوە و کردوویانە بە سیٚ بنەواشەوە کە بریتین لە : لێکۆڵینەوەی گەشەی زمان لەلای منداڵ و لێکۆڵینەوەی زمان لەلای گەلە بەرایییەکان و لێکۆڵینەوەی مێژووی پێشکەوتنی زمان . گەر وردبینەوە تێبینی دەکەین ، سیٚ تیۆرەکەی یەکەم پشت بە ڕێگەی هەڵهێنجان دەبەستێن، لە کاتێکدا کە پێشەکی زمان سیستمێکە لە هێما دەنگییەکان، مرۆڤ بەکاری دێنێت بۆ گوزارشت کردن لە بیرۆکە و هەڵچوون و ئارەزووەکانی ، زۆربەی زمانەوان و فەیلەسووفەکان وادەبینن کە زمان و بیر بەتەواوەتی وابەستەی یەکترن ، چونکە هیچ بیرۆکەیەك بەشێوەیەکی ڕووتەواڵە لە زمان نایەتەدی و زمانیش ڕووت ناکرێتەوە لە بیر .

**بەشی یەکەم**

**سەرهەڵدانی زمان لای مرۆڤ**

**پێناسەی زمان و سەرهەڵدانی :**

زمان بریتییە لە وتە یان نووسینی مرۆڤی گۆیا و بڵاوترین سیستمی پەیوەندیکردنە لە نێوان مرۆڤدا ، چونکە زمان دەرفەتی گوزارشتکردن بە وتن یان نووسین لە بیروبۆچوونەکانیان بۆ هەموو خەڵك فەراهەم دەکات .

دەکریٚ وشەی (زمان) بەشێوەیەکی دیارینەکراو بەکار بهێنریٚ ، بۆئەوەی گوزارشت بکات لەهەر سیستمێکی گەیاندن وەك ئاماژەکانی ڕووناکی هاتووچۆ یان ئاماژە دووکەڵییەکانی هندییەکان ، ئەوەندە نەبێت کە بنەواشەی وشەکە واتا بنەڕەتییەکەی دەردەخات .

لەهەر شوێنێك کۆمەڵگەی مرۆیی هەبێت زمانیش هەیە . زۆربەی شێوەکانی چالاکی مرۆیی پشت دەبەستێت بە هاوئاهەنگی دووکەس یان زیاتر . زمانی هاوبەش توانستی ئەوە دەبەخشێت کە پێکەوە کاربکەن بە ئامرازی جیاواز و بیٚ سنوور . هەر زمان کارئاسانی دروستکردنی ژیارێکی تەکنیکی پێشکەوتووی کردووە، ئەگەر زمان نەبوایە نە زانستەکان و نە بازرگانی و نە حکومەت و نە ئەدەب و نە فەلسەفەیش نەدەبوون .

زمان له گرنگترین شەقڵەکانی مرۆڤە کە جیای دەکاتەوە لە سەرجەم ئاژەڵەکانی دیکە . مەبەست لە زمان ، لێرەدا ، زمانی گۆیا و نووسراوە ، کە پێکدێت لە پیت و وشە ، بەشێوەیەکی باو لە ڕستە و فریزەکانداکۆدەکرێتەوە ، بەهۆیەوە مرۆڤ بەردەوام دەبێت لەگەڵ هاوشێوەکانی لە مرۆڤ ، هەروەك مامەڵەی پێوەدەکات لە پێناو دەستخستنی بەرژەوەندییەکانی و فەراهەمکردنی پێداویستییەکانی ، دواتر پێش دەکەویٚ بۆئەوەی تۆماری زانست و هونەر و ئەدەبەکان بکات ، بەپێی ئەو ئاستە ژیارییەی کە دەیگاتیٚ .

**یەکەم : سەرهەڵدانی زمان :**

زانایان ناکۆك نەبوون لەهیچ باسێك لە باسەکانی زماندا ، وەك ناکۆکیان لەمەڕ سەرهەڵدانی زمانەوە ، هیچ بابەتێکیش لە بابەتەکانی زمان لە مێژووی بیری مرۆڤایەتیدا بەئەندازەی بابەتی سەرهەڵدانی زمان و بنەواشەکەی گرنگی و بایەخی پێنەدراوە و بیری لیٚ نەکراوەتەوە . لە هەموو سەردەمەکاندا و بەدرێژایی ژیارە کۆنەکان لە میسر و بابل و هند و چین و گریك و ڕۆمان ، دواتر لە چاخەکانی ناوەڕاستدا ، سەرەتای گەشەکردنی ژیاری ئیسلامی و پاشان لە چاخەکانی تاریکیدا لە ئەورووپا و سەردەمی ڕێنسانس دوای ئەو ، فەیلەسوفەکان و زانایانی زمان و پیاوانی ئایینی ، سەرقاڵی گەڕان بوون بەشوێن بنەچەی زمانی مرۆیی ، چۆن سەریهەڵدا ؟ مرۆڤ لە کویٚ ئەو توانستی قسەکردنە دەستکەوت ؟

لەو بارەیەوە ماریوبای دەڵێت : ((لەوەی کە تایبەت بێت بە سەرهەڵدان و سروشتی زمان ، سەرچاوەگەلێکمان لایە کە پشت دەبەستێت بە ئەفسانە و گێڕانەوە پەرشەکان و مشتومڕە فەلسەفییەکان ، بەڵام ئەوەی لامان نییە ڕاستییە زانستییەکانە لەم بارەیەوە))(٦) .

بۆیە زۆرێك لە زانایان خۆیان بەدوور دەگرن لە چوونە نێو ئەم بابەتە ، لە کاتێکدا هەندێکی تریان باسیان لێوە کردووە ، بەو پێیەی کە ئاخاوتن جۆرێك لە فەلسەفەی زمانەوانی تێدایە ، کە ڕەنگە بەکەڵك بێت ، بۆ خوێندکاری زانستی زمان کە بیزانێت .

**دووەم : چۆن زمان دەستی پێکرد :**

کەس نازانێت چۆن زمان دەستی پێکردووە ، چونکە هەموو خەڵك ، جگە لە کەمئەندامان نەبێت ، توانستی قسە کردنیان هەیە ، ڕەنگە زمان لە دەرکەوتنی ژانری مرۆییەوە پەیدا بووبێت. تۆمارێکیش نییە بۆ زمان کە کێوماڵی زۆربەی ماوەکانی بوونی بکات .

لە ڕاستیدا یەکەم بەڵگەی کرداریی زمان بریتییە لە نووسین . بەڵام توێژەرەکان بۆچوونیان وایە کە نووسین دەرنەکەوت تەنها دوای دەرکەوتنی زمانی گۆیاوە نەبێت بە هەزاران ساڵ . تۆمارە نووسراوەکان ، یان ئەوەی زانراوە تائێستا ، بریتییە لە وێنەی وشەی سۆمەریی کە دانراوە لە دەوروبەری ٣٥٠٠ ساڵ پ.ز ، و نووسینی هیرۆغلیفی میسری کە بە نزیکی ، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٣٠٠٠ پ.ز . چینی نووسراویش دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری ١٥٠٠ ساڵ پ.ز ، و ئەغریقیش بۆ ١٤٠٠ ساڵ پ.ز ، بە نزیکی و لاتینیش بۆ دەوروبەری ٥٠٠ ساڵ پ.ز(٧) .

دیارترین تیۆر و بۆچوونەکانیش کە زانایان لە ڕێیانەوە هەوڵیانداوە ڕاڤەی سەرهەڵدانی زمانی مرۆڤایەتی بکەن ، لە نێوان دوو ئاراستەی سەرەکیدا دەسووڕێنەوە :

١ـ ئاراستەیەك وای دەبینیٚ کە زمان شتێکی (گلدانەوەیە) واتا بەخشینێکی خواییە .

٢ـ ئاراستەیەکی دیکە وای بۆدەچێت کە زاراوەییەکی دەستکەوتووە لە دەستکردی مرۆڤە.

لە نێوان ئەم دوو ئاراستەیەدا ، توێژینەوەکان لەمەڕ سەرهەڵدانی زمانی مرۆیی ، وێنەگەلێکی پەرشیان وەرگرتووە ، لە بۆچوون و تیۆرەکانەوە ، دیارترینیان :

١. تیۆری یەکەم ((گلدانەوە)) یان سروش و ئیلهام :

خاوەنانی ئەم تیۆرە دەڵێن زمان بەخشینێکی خواییە ، کاتێك کە شتەکانی دروست کرد سروشی کرد بۆ ئادەم کە ناوی بۆ دابنێ ئەوەبوو بۆی دانا ، خوای گەورە ئەفەرمووێ : ﴿ڤ ڦ ڄ ڃ﴾ (البقره / ئایە : ٣١) ، زیاد لەوەش وتەکەی ئەفلاتوون[٨] ، فەیلەسووفی گریکی بەناوبانگ ، لە سەدەی پێنج پ.ز ، کە دەڵێت : ((زمان دیاردەیەکی سروشتییە مرۆڤ دەستی نییە لە بوونیدا)) .

لە یەکێك لە گفتوگۆکانی ئەفلاتووندا ، یەکێك لە تیۆریزەکان لایەنداری دەکات ، ناوی کرایتلیس بوو ، بۆ ئەو ڕایەی کە دەڵێت زمان بەخششێکی خواییە کە ئاسمان بەخشیوێتی بە مرۆڤ و ناوی شتەکانیش هێمای ڕووتەواڵە نین ، بەڵکو بەشێکی دانەبڕاون لە کرۆکی ئاماژە بۆکراوەکە .

هەروەها فەیلەسوفی یۆنانی هیراقلیتۆس[٩] دەڵێت : ((ئەوە سروشە لە ئاسمانەوە هاتووە ، لە سەدەی پێنچی پێش زایندا)) .

٢. تیۆری دووەم : ئاییزای (دانان و زاراوەکاری) :

واتا زمان زاراوەکاریی و ڕێکەوتنی نێوان مرۆڤەکانە . ئەرستۆ[١٠] ، کە بەناوبانگترین فەیلەسووفی یۆنانییە بە گشتی ، ئەم ڕایەی بنیاتناوە ، ئەو کاتەی کە باسی زمانی کردووە بەوەی کە پێکبەستێکی کۆمەڵایەتییە . وتراوە کە فەیلەسووفی یۆنانی دیمقریتوس[١١] ، پێش ئەرستۆ ئەم قسەیەی کردووە . ئەم ڕایە بەم ئاراستەیە بەردەوام بوو لە ڕۆژگاری ڕۆمانییەکانی کۆندا و سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاست و سەردەمی ڕێنسانس و هەتا چاخەکانی نوێ ، بەناوبانگنرین کەس کە ئەم ڕایەی وتووە لە سەدەی نۆزدەدا فەیلەسووفی ئینگلیزی ئادەم سیمسە[١٢] ، و فەیلەسوفی فەرەنسی جان جاك ڕوسو .

٣. تیۆری سێیەم : پێی دەوترێ تیۆری بوە . بوە :

هەندێك پێی دەڵێن ((دەرپەڕاندن لە دەروونەوە)) .

ئەم تیۆرە ، دان بەوەدا دەنێت کە پشکی پەیدا بوونی زمان ، دەگەڕێتەوە بۆ غەریزەیەکی تایبەت ، کە لە بنچینەوە دراوە بە مرۆڤ ، ئەم غەریزەیە ، وا لە هەر تاکێك دەکات کە گوزارشت بکات لە هەڵچوونەکانی ، بە بزاوتن و دەنگی تایبەت ، وەك پێکەنین یان گریان یان شتی تر ، لەوانەی کە گوزارشت دەکات لە هەڵچوونەکانی وەك تووڕەیی و ترس و دڵتەنگی و دڵشادی ، و ئەوەش وەك یەکە لەلای هەموو تاکەکان لە سروشت و ئەرك و ئەوەی لێیەوە دەردەچێت و بەهۆی ئەوەوە واژەکان یەکدەگرن و ڕەگەکانی گوزارشتکردن لێك دەچن لەلای گروپە مرۆییە یەکەمینەکان ، بۆیە تاکەکان توانیان لێك تێبگەن .

خاوەنانی ئەم تیۆرە قەرزارباری ئەوەن کە داروین[١٣] بانگەشەی بۆ دەکرد ، لە تیۆرە بەناوبانگەکەیدا ، کە تایبەت بوو بە گەشەکردنی بوونەوەرە زیندووەکانەوە ، چونکە سەرهەڵدانی زمانی بەستەوە بەو دەنگە غەریزییە هەڵچونانەوە ، لە نرکە و هەناسە ساردی و قیژە . هەروەك هەوڵیدا کە ئەم دەنگانە پێکەوە ببەستێتەوە و گرژبوونی ئەندامەکانی گۆکردن و خاوبوونەوەیان ، هەستکردن بە لاقرتێ یان تووڕەیی بۆ نموونە ، ئەم حاڵەتە بەگشتی جۆرێك لە حەز بە فووکردنە و دەمەوە یان لووتەوە هەیە ، کە دەنگی (pooh) یان أف (ئۆف) دروست دەبێت[١٤] کە لە زمانی ئێمەدا بۆ گوزارشت کردن لە تەنگەوچەڵەمە و تووڕەیی بەکار دەهێنرێت .

فەیلەسووفە ئەبیۆرییە یۆنانییەکان لە سەدەی چواری پ.ز[١٥] ، یەکەمین بوون کە باوەڕیان هێنا بەم تیۆرەو هەروەها فەیلەسووفی فەرەنسی جان جاك ڕۆسو، لە سەدەی هەژدەی زایینیدا پشتگیری کردووە ، هەروەها هەریەك لە زانای ئەڵمانی ماکس موللر[١٦] لە کتێبەکەیدا (زانستی زمان) و زانای فەرەنسی ئەرنست ڕینان لە سەدەی نۆزدەدا پشتگیریان لێکردووە .

ئەم تیۆرە بە تەمومژاویی کەموکوڕیی دەردەکەوێت ، سەبارەت بە تەمومژاوییەکەی لەبەر ئەوەیە کە ئەو نهێنییەمان بۆ ئاشکرا ناکات کە چۆن ئەو دەنگە بەبڵاوە هەڵچووانە دەگۆڕێن بۆ واژە و

دەنگ. هەرچی کەموکورییەتی ئەوەیە کە سەرهەڵدانی وشەگەلێکی زۆر روون ناکاتەوە ، کە ناکرێ بگەڕێنرێتەوە بۆ دەنگە هەڵچووەکان .

٤ـ تیۆری چوارەم : تیۆری بوو ـ واو ـ پێشی دەوترێت ((گێڕانەوە)) :

خاوەنانی ئەم تیۆرە وادەبینن کە زمان لە لاساییکردنەوەی دەنگەکانی سروشتەوە پەیدابووە ، ئەمەش ئەو تیۆرەییە کە (ابن جنی) ئاماژەی بۆ دەکات بەوەی دەڵێت : ((هەندێکیان بۆ ئەوە دەچن کە بنەواشەی هەموو زمانەکان ، لە دەنگە بیستراوەکانەوە هاتووە ، وەك دەنگدانەوەی ڕەشەبا و دەنگی چەخماخە و هاژەی ئاو و زەڕەی کەر و قیڕەی قەلەڕەش و حیلەی ئەسپ و شتی لەو جۆرە . دواتر زمان لەوەوە دروست بووە . ئەمە لای من بۆچوونێکی چاك و وەرگیراوە))[١٧] .

ئەم تیۆرە وا دەبینێت کە مرۆڤی یەکەم ، کە ویستوویەتی بوونەوەرەکان لەیەك جودا بکاتەوە ، بە ناوگەلێك بۆئەوەی باسی بکات ، یان ئاماژەی پێبکات لە کاتی ئامادە نەبوونی خۆیدا ، ئەوا لاسایکردنەوەی دەنگە سروشتییەکانی وەرگرتووە ، بۆ نموونە وەڕینی سەگ بۆتە هێمایەك بۆ ئاماژە کردن بۆ ئەو ئاژەڵە ، نموونەی لەو جۆرەش لوورەی گورگ و نەڕەی شێر و میاوانی پشیلە ، دواتر ئەم دەنگە ئاژەڵییە جیاوازانە بوونە هێما، لە ڕێیەوە مرۆڤە سەرەتاییەکان ئاماژەیان دەکرد بۆ ئەو ئاژەڵانە ، لە نموونەی ئەوانەش خشەی دار و نێڵەی ئاگر و گرمەی هەورە بروسکە و هاژەی ئاو و شتی تر.

لەو دەنگانەش ، کۆمەڵێ وشە دروست بوو ، کە کۆنترین وشەن لە زمانەکانی مرۆڤدا ، پاشتر ئەم دەنگانە بەرەو پێش چوون ، یان وشەکان لە واتای هەستپێکراوی ڕاستەوخۆوە بۆ واتای تر ، کە زیاتر ڕووتەواڵە بوو ، لەو دەنگە سەرەتاییانەش ، بە درێژایی چاخەکان زمانەکانی لێدروست بوو .

فەیلەسووفە ڕەواقییە[١٨] یۆنانییەکان باوەڕیان بەم تیۆرە هەبوو ، و پەسەندییەکی فرەی هەبوو ، لە سەدەی نۆزدە و بیستدا و هەندێ زانای دیاریش پشتگیریان کرد ، وەك جسیرسین و د.ئیبراهیم ئەنیس و د.عەلی عەبدولواحد وافی و زۆر سەرسەختانە بەرگریان لێدەکرد و وا پەسنیان دەکرد کە : ((نزیکترین تیۆرە لە ڕاستییەوە و خوێشە لە ئاوەزەوە و کۆکترینیانە لەگەڵ سروشتی کاروبارەکان ، سەرەڕای ئەمانە و ئەوانەش ڕاڤەی ئەو کێشەیە دەکات کە ئێمە تێیداین ، ئەویش ئەو شێوازەیە کە مرۆڤی لەسەر ڕۆشتووە لە دەستپێکی کارەکەدا)).

هەندێ لە ڕەخنەگران شۆخییان بەم تیۆرە دەکرد ، وایان باس دەکرد کە بیری مرۆڤایەتی دەوەستێنێت لە سنووری ڕێگری ئاژەڵاندا ، زمانی مرۆڤایەتی بەرز ، سەرهەڵدانەکەی ، کورت دەکاتەوە لەسەر ئەو دەنگە سروشتییە غەریزییانە .

شایانی باسە ، کە کۆی زماننناسانی نوێ ، ئەم تیۆرە ڕەت دەکەنەوە و ئەوە دەسەلمێنن کە پرۆگرامی زانستی بۆ زانستی زمان ناکۆکە لەگەڵ ئەم تیۆرەدا و دەیکاتە ڕیشگاوێکی ساختە . زانراویشە ، ئەوانەی بە زمانە جیاوازەکان دەئاخاوێن ، دەنگە سروشتییەکان بە وێنای جیاواز دەبیستن ، پاشان لاسای ئەو دەنگانە دەکەنەوە بە ڕێگەی جیاواز، لەمەشەوە وشەگەلێك دروست دەبێت کە ئاماژە بۆ تاقە دەنگێك دەکەن، بەڵام لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە جیاوازن . وەڕینی سەگ ، ئەوەی قسەدەکات بە زمانی ئینگلیزی بە (ئو واو) یان (ووف ووف) ئاماژەی بۆ دەکات ، لە کاتێکدا کە ئیتاڵییەك بۆ هەمان دەنگ بە وشەی (بو بو) ئاماژەی بۆ دەکات و فەرەنسیەکیش بە (واو واو) ئاماژەی بۆ دەکات ، هەروەك کە قوقەی کەڵەشێر ، بە وشەگەلی دەنگی ئاماژەی بۆ دەکرێت ، کە بەپێی زمانەکان دەگۆڕێن . زیاد لەوەش ، مرۆڤ ، کاتێك لاسایی دەکاتەوە ، ئەوا تەنها لاسایی ئەوانە دەکاتەوە کە دەنگیان هەیە ، ئەی چۆن ناوی ئەوانە دەبات کە چەقبەستوون و توانای جووڵەیان نییە ، وەك بەرد وماڵ و سێگۆشە و خشتەك و ئەوانەی تر . کەواتە داننان بەم تیۆرەدا ، واتا هێنانە خوارەوەی بیرکردنەوە، بۆ ئاستی وێنەی فۆتۆگرافی .

گرنگترین شت کە لەسەر ئەم تیۆرە دەگیرێت ، ئەوەیە کە بنەمای سەرهەڵدانی زمان قەتیس دەکات لە تێبینی بونیادنراو لەسەر هەست ، بەوەی ڕوودەدات لە ژینگەدا ، ئەوەش لە بیر دەکات کە پێویستی سروشتی مرۆڤە ، بۆ لێکدوان و لێتێگەیشتن و گوزارشت کردن لەوەی لە دەرووندایە ، ئەو پێویستییە کە لە گرنگترین پاڵنەرەکانی سەرهەڵدانی زمانی مرۆیی دادەنرێت . زیاد لەمەش ئەم تیۆرییە ، ئەوەمان بۆ ڕوون ناکاتەوە کە چۆن وشەی زۆر پەیدابووە ، کە دەیانبینین لە زمانە جیاوازەکاندا و ئەوەشی تیا نابینین کە لاساییکردنەوەی دەنگی ناونراوەکان بێت ، ئەوەش ڕوون دەبێتەوە بە تایبەت لە ناوە واتاییەکاندا ، وەك دادپەروەریی و پیاوەتی و بەخشندەیی و ئازایەتی و شتی تر .

٥. تیۆری پێنچەم : تیۆری دنگ دونگ :

پێی دەوترێ تیۆری ئامادەگی سروشتی . ئەمە ئەو تیۆرەیە کە زانای زمانەوانی (ماکس موللەر) بڵاویکردەوە ، و پێی دەوت تیۆری (دنگ دونگ) پوختەکەی : مرۆڤ بە سروشتی خۆی ، توانای داڕشتنی واژەی بەتەواوی پێدراوە ، هەروەك ئەوەشی تێدا چێنراوە کە حەزی بەوە بێت کە گوزارشت بکات لە پێویستییەکانی ، بەهەر ڕێگەیەك بێت لە ڕێگەکان ، بەڵام ئەم توانای وتنی وشەیە ، تەنها لە کاتی پێویستیدا جێکەوتی دەردەکەوێت ، یان لە کاتی گونجاودا . کاتێکیش (موللەر) ئەم تیۆرەی ناونا تیۆری (دنگ دونگ) ویستی کە ئەو هێزە خۆڕسکە بچووێنێ بە میلی کاتژمێر کە لە ناواخنیدا دەسووڕێتەوە ، هەروەها ڕووداوەکانی زەمەن بچووێنێت بە پەندۆڵی کاتژمێر ، کە دەجووڵێت و بەو جووڵەیەشی ئەو هێزی شاراوەیە لە کاتژمێرەکەوە دێتە دەرێ ، کە میلەکەی دەکەوێتە ژێر، زەمان و پێویستییەکانی هەلومەرجەکان ، ئەوان ئەو توانستە وەگەڕدەخەن ، لە چوارچێوەی هێزەوە بۆ چوارچێوەی کردار. وەك ئەوەی دەروونی مرۆڤ گەنجینەیەکی پڕبێت لە وشە ، هێدی هێدی دەکرێتەوە ، بە کیلی زەمەن و پێویستییەکانی ژیانی واقعی.

ئەم تیۆرە چارەسەری کێشەکە ناکات ، چونکە ئەوە ڕوون ناکاتەوە کە چۆن و کەی مرۆڤ ئەو گەنجینە زمانەوانییەی پێدرا ؟ چۆن چووە ژێر باری ئەو وشە تەواوانەوە ؟ خۆ ئەگەر بە سروشتی خۆی ئەم وشانەی پێدرابێت ، ئەوا بۆچی زمان و شێوە زارەکان جودان ؟ چونکە جێکەوتی هێزە سروشتییەکان تا ئاستێکی زۆر چوون یەکن . پاشان چۆن هەل دروست بوو بۆ مرۆڤ کە ئەو وشانە لە ناخی خۆی بێنێتە دەرێ و دایبڕێ بەسەر ناولێنراوە جیاوازەکاندا ؟ کەواتە ئەم تیۆرە توێژەر لە کێشەیەکەوە دەگوێزێتەوە بۆ کێشەگەلێکی دیکە کە زۆر ئاڵۆزتر و تێکەڵترە .

٦. تیۆری شەشەم : تیۆری یۆ . هی . هۆ :

واتا تیۆری تێبینیکردن ، خاوەنەکەی زانای ئەڵمانی (جیجر)ە ، ئەم تیۆرە دەڵێت : زمان لە دەنگی کۆمەڵەوە سەریهەڵداوە ، کە لە کۆمەڵە خەڵکێکەوە دەرچووە ، لەکاتی ئەنجامدانی کارێکی قورسدا ، کە پێویستیان بە هاوئاهەنگی بووە بۆ جێبەجێ کردنی ، ئەمەش وەك ئەوە وایە کە زۆر جار دەیبستین ، لە هەندێ کرێکارەوە ، کاتێك کارێکی قورس ئەنجام دەدەن چەند دەنگێگ دەڵێنەوە وەك (هیلا ـ هوپ) ، یان دەربڕینگەلێك کە ڕەنگە واتایەکی ئەوتۆی نەبێت . ئەوان بەم دەنگانە و هاوشێوەکانیان جۆرە هاوئاهەنگییەك بۆخۆیان هەست پێدەکەن لە ڕێکخستنی بزاوتەکە، لەکاتی هەڵسانیان بەکارە قورسەکەیان و ئەو دەستەواژانە دەڵێنەوە، بەبێ وەڕسبوون و بێزاری . پاشان زۆر نابات ئەم دەنگانە هەمەچەشن دەبن ، بە جۆراوجۆری کارەکان ، هەتا دەبنە هێمای کارێکی دیاریکراو ، ئەو کاتانەی بیانەوێ ئەو کارە بکەن ئەو دەنگانە دەڵێن . بە دووبارەبوونەوەی ئەزموونی لەو جۆرە ، دەنگەکان گەشەدەکەن و دەبنە وشەکان .

ئەم تیۆرەش هەمدیسان هەڵەیە ، چونکە ئەستەمە ، بەڵکو هەر نابێت ، هەموو ئەو وشانەی کە زمانەکانیان پێکهێناوە بگەڕێنەوە بۆ ئەم ئەزموونە ، چونکە ئەمە تەنها ڕێگەیەکە بۆ زیادکردنی

ڕووتووش بۆ کارەکە و ئاسانکردنی و ئەرکی بنەڕەتی زمانی تێدا دەستەبەر نییە ، کە بریتییە لە واتا و وابەستەیی ، ئیتر چۆن بیکەین بە بنچینە بۆ زمان . هەروەك ئەم تیۆرە ئەگەری بوونی مرۆڤی بێ زمان دادەنێ . مرۆڤێك کە بوونی هەبووە دواتر لە ڕێگەی هەڵچوونە تایبەتییەکانییەوە چۆتە قۆناغی دانانی زمانەکەیەوە ، ئەمەش تیۆرێکی هەڵەیە چوون ناکرێ مرۆڤ هەبێت بەبێ زمانێك کە پێی بدوێت .

**٧. تیۆری حەوتەم : تیۆری پێشکەوتنی زمان :**

دانەرانی ئەم تیۆرە کاریگەربوون بە تیۆری گەشەکردنی گشتی، کە (دارون) بڵاویکردەوە و هەوڵیدا کە بەڵگە بهێنێتەوە لەسەر جێکەوتەکەی لە هەموو لایەنەکانەوە بە گشتی و بەتایبەتیش لە ژیانی تاك و جۆری مرۆیی . مرۆڤ کاتێك بە قاچەکانی دەڕوات و بالای ڕێك و توند دەکات ، ڕێکخستنی خانەکانی مێشکی دەگۆڕێن ، تا پلەیەك توانای ئەوەی دەداتێ کە خانەکانی مۆخی بەکاربهێنێ بەشێوەیەکی چالاکانە ، کە فەرماندارن بەسەر ئەندامەکانی ئاخاوتندا . توانیویەتی ئەوە بکات ، چونکە مرۆڤ هەر لەسەرتاوە هەموو ئەو وزە و بەهرانەی کە هەیەتی تەرخانی کردووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سروشت بۆ دەستەبەرکردنی مانەوە و چاکسازیی تیایدا . کاتێکیش کە مرۆڤ جیابۆوە لە هەموو دروستکراوەکانی دیکە، ئەوا هەموو هێزە ئاوەزیەکانی خۆی تەرخان کرد بۆ دەستەبەرکردنی پێشکەوتنی خۆی لە بەکارهێنانی هێزە ماسولکەییەکانی ، بۆیە بەبەکارهێنانی هەردوو باڵی دەستی پێکرد ، پاشان دار و بەرد ، دواتر چووە سەر دەستەمۆکردنی ئاژەڵان و ئامادەکردنی ، پاشان بۆ بزوێنەرە سانا و دواتر ئاڵۆزەکان ، پاشان ئەوانەی زۆر ئاڵۆزن . هەموو ئەمانەش دەیانخواست کە لێکتێگەیشتن هەبێت لەگەڵ ئەوانیتر ، تائەوەی فەرزی پەیداکردنی دەزگایەکی تایبەت ، بۆیە ماسولکەکانی قوڕگ ئەرکی زیادی زۆر نەرموونیان هەڵگرت و کۆئەندامی دەم دەزگای هاتنەدەرەوەی دەنگ لەدوای دەنگ بوو بۆ ئامانجێکی پەسەند. دواتریش ناکرێ لێکۆڵینەوەی دەرکەوتنی زمان بەشێوەیەکی جودا لە دەرکەوتنی مرۆڤ بکرێ .

**خوێندنەوەیەکی زمانەوانی بۆ بیر و ئاوەز : زمان لە نێوان میرات و پەیپێبردندا :**

خوا مرۆڤی دروستکردووە و توانای تێگەیشتن لە زمان و قسەپێکردنی پێ بەخشیوە . ئەمەیە مانای (سروشت ـ فگرە) واتا ئەو ئامادەگییەی کە دەست بەدەرکەوتن دەکات پلە پلە لەگەڵ تێپەڕبوونی تەمەن و کات . مناڵ دەست دەکات بە گریان و هاوارکردن بۆئەوەی داوای شتێك بکات یان ڕەتی بکاتەوە ، هەروەها بە بزاوتی دەستەکانی و قاچەکانی و چرچکردنی دەموچاوی ، پاشان تێدەگات لەدوای ئەوە کە هەندێ لەو وشانەی کە باوانی یان براو خوشکەکانی دەیڵێن ئەوەی بۆ دەپێکی کە ئەم دەیەوێ ، کە ئەمە کەمتر هەوڵ و ماندووبونی دەوێ و کورتتریشە ، بۆیە کار لەسەر لاساییکردنەوەیان دەکات، هەرکاتێك زیاتر وشە بڵێت ئارەزووەکانی دەستەبەر دەبن و هەرکاتێکیش پراکتیکی ئەو سیستمە زمانەوانییە باوە بکات کەلە خێزانەکەیدا هەیە ئەوا خێزانەکەی پێی خۆشە و پاداشتی دەکەن . بەم شێوەیە قۆناغی یەکەم بەڕێوە دەچێ لە فێربوونی زمان و پابەندبوون بە زاراوەکانی لەناو خێزاندا، وەك بەراییەك بۆ بەکارهێنانی دواتر لەگەڵ هاوەڵی مناڵی و هاوڕێیانی قوتابخانە و ژینگەی کاردا .

فێربوونی زمان پەیوەستییەکی توندوتۆڵی هەیە بە دابینکردنی بەرژەوەندی تاکەکانەوە . ئەگەر هاتوو ئەم بەرژەوەندییە پەیوەست بوو ، لە قۆناغی مناڵیدا ، بە برسێتی و تینوێتی و یاریکردنەوە ، ئەوا لە قۆناغی قوتابخانەدا دەبێت بچێت بەرەو دەستەبەرکردنی حەزەکانی خوێندکار ـ یەکەمجار و پێش هەموو شتێك ـ لە خۆشەویستنی زانیاری و دابین کردنی پێداویستییەکانی لە ناسینی شت و شوێن و کەسەکان ، لەجیاتی فڕین بەناو چەمکە تیۆرییەکان و واتا تێرکردنی پێداویستییەکانی لە ناسینی شتەکان و شوێنەکان و کەسەکاندا . لێرەوە پێویستە لە قۆناغی

یەکەمدا بۆ فێربوونی زمان جەخت بکرێتەوە لەسەر هەموو ئەو شتانەی کە منالّ گرنگی پێدەدات و پێویستی پێیەتی بەشێوەیەکی پراکتیکی لە ژیانی تایبەتی خۆیدا.

١ . زمان پێویستیی و هەڵبژاردنە : مانای ئەمە ئەوەیە کە هەموو مرۆڤێك لەناو کۆمەڵێکدا لەدایك دەبێت ، کە ناچارە زمانی ئەو کۆمەڵە بەکار بهێنێ ، بۆئەوەی بەرژەوەندییەکانی بەدیبهێنێت و هەڵسوکەوت بکات لەگەڵ خوێش و هاوەڵانی و ئەوانەی پێویستە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکات لە کۆمەڵگەدا . لێرەدا ئەو ناچارە واتای واژەکانیان و دەمی کارەکانیان و چۆنێتی بەکارهێنانی ئامرازەکان بزانێ، چونکە زمان گەشە دەکات و پێش دەکەوێ بەشێوەیەکی پلەپلەیی ، مرۆڤ هەست ناکات کە فێری بووە. مەسەلەکەش لێرەدا وەك بزاوتی یەکەمینی منالّ وایە کە دەست دەکات بە وەستان و رۆشتن لەسەر پێیەکانی ، هەنگاوەکان لەسەرەتاوە ئاڵۆز و تێکەڵە ، ئەوەندە نابات ڕێك و ڕاست دەبێتەوە ، بەڵکو خێرا دەبێت تا دەگاتە ئەوەی پێشبڕکێ بکات لە ڕۆیشتندا لەگەڵ خەڵکی تر . بەڵام بوارەکانی زمان زۆر و جۆراوجۆرن . ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە کرداری مرۆڤ ، و هەروەها ئەو بارە کۆمەڵایەتیەی کە تێیدایە ، یان بۆی دەچێت ، ئەندازەیەك لە هەڵبژاردنی زمانی بۆ دەرەخسێنن ، کە بگونجێ لەگەڵ کارەکەی ، یان بارە کۆمەڵایەتییەکەی . هەرکاتێکیش مرۆڤ پرۆسەی هەڵبژاردنی زمانی بەچاکی کرد ، ئەوا دەتوانێ پەیوەندی کۆمەڵایەتی دروست بکات و گەشەی پێبدات کە هاوکاری بکەن بۆ سەرکەوتنی لە ژیاندا.

٢. پەیوەندی زمان بە بیرەوە : پەیوەندی نێوان زمان و بیر لە زانستی نوێدا ڕاڤەی جیاواز هەڵدەگرێت . بلاوترین ڕاڤەش بریتییە لەو تیۆرەی کە دەڵێت بیری مرۆڤ ناکرێ تەواو بێت تەنها لەسەر بنەمای زمان نەبێت . ئەوەش چونکە خودی بیر جیاوازە لە سەرجەم جۆرەکانی چالاکی گیانی مرۆڤ بە چەمکە ڕووتەواڵەکانەوە . بەڵام تێبینییەکانی پزیشکان و سایکۆلۆجیستەکان و فیزاییەکان و لۆژیکستەکان و زماننا‌سان ئەوە دەردەخەن کە بیر تەنها لە بواری لۆژیکی ڕووتدا ناڕوات ، بەڵکو دەچێتە ڕووگەی زانیاری هەستپێکراویشەوە کە بیرکردنەوە دەهێنێتە بوون لە سنووری خۆیدا بەهۆی ماددەی وێنە هەستپێکراوەکان و یاد و خەیاڵەوە. بیرکردنەوەی مۆسیقار و یاریزانان و یاریزانانی شەترەنج ، بۆ نموونە ، ناتوانرێت هەمیشە بە قسە گوزارشتی لێبکرێت . هەروەك زانستی نوێ دانی بە یەکتایی زمان و بیریشدا ناوە لە ڕووگەی بنەما گشتییەکانی پەیدابوونیانەوە ، زمان و بیر لەسەر بنەمای پێویستی چالاکی کرداری خەڵك گەشەیان کرد و پێشکەوتن ، هەردووکیان وابەستەی یەکن و بوونی هەریەکەیان مەرجی بوونی ئەوی ترە . زمان واقیعی بوونی بیرکردنەوەیە ، هەرئەویش ئەو ڕەگەزەیە بیرکردنەوەی تێدا دەردەکەوێت . ئەوەندە نەبێت کە زمان و بیرکردنەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا ، یەك شت نین . هەریەکەیان جیاوازە لە ڕووی ئەو ڕۆڵەی ئەنجامی دەدات ، کەواتە بیرکردنەوە ڕێگەیەکە بۆ زانینی بیروڕا ، لەکاتێکدا کە زمان ڕێگەیەکە بۆ لێك تێگەیشتنی نێوان خەڵك .

**بەشی دووەم**

**زمان و بیر**

یەکەم : پێناسەی دوو وشەکە :

أ ـ زمان : زمانەوانی نوێ زمان بەوە دەناسێنێت کە سیستمێکی دەنگییە لە بنەمادا لە هێماگەلێکی زاراوەیی پێك دێت کە تاکەکانی کۆمەڵێك بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بیرۆکە و هەستەکان بەکاری دەهێنن(١٩) . ئێمە سێ هەڵویستەمان هەیە لەسەر ئەم پێناسەیە ، یەکەمیان ، لەگەڵ گوزارشتی (دەنگیە لە بنەمادا) کە ئاماژە دەکات بۆ ئەوەی کە زمان یان گۆیایە ، ئەوەش ئەوەیە کە پێناسەکە ئاماژەی بۆ دەکات ، یان نووسراوە بە هێماگەلێك کە ئاماژە بۆ دەنگەکان دەکات .

بەڵام واژەی (زاراوەییە) مانای وایە کە هۆکارێك یان پەیوەندییەکی هۆکاریی نییە بۆ بەستنەوەی شێوازی وشەیەك یان ڕستەیەك بەواتاکەیەوە.
ڕەنگە گونجاوبێت لێرەدا کە ئاماژە بۆ ئەوەی بکەین کە ناسراوە بەناوی (زمانی بیرکردنەوە) ئەوەش ئەو زمانەیە کە کەسێك بیری پێدەکاتەوە کاتێك کە بە تەنها دەبێت لەگەڵ خۆیدا و بەبێ ئەوەی کەس بدوێنێت . گرنگ نییە کە زمانی بیرکردنەوە لەلای کەسەکە هاوتابێت لەگەڵ زمانی یەکەمی . ڕەنگە زمانی یەکەمی کەسێك کوردی بێت ، بەڵام بە عەرەبی بیر بکاتەوە بەهۆی هەژموونی ئەم زمانە لەلای یان لەبەر ئەوەی ماوەیەکی زۆر لە ناو خەڵکی ئەو زمانەدا ژیاوە یان زۆربەی خوێندنی بەو زمانە بووە ، هەمان شتە بۆ ئەو کەسەی کە پسپۆڕی لە زانستێکی دیاریکراودا دەبێت و بە زمانێکی بیانی دەیخوێنێت بەو زمانەش بیر لە مەسەلەکانی ئەم زانستە دەکاتەوە . هەروەك وادەزانم کە پێچەوانەی ئەمە ڕوودەدات بۆ خوێندکارەکانمان ئەوانەی کە ڕەنگە بە کوردی بیربکەنەوە کاتێك ڕادەسپێردرێن کە وتارێك بە عەرەبی بنووسن بۆ نموونە ، پاشان ئەوەی بە زمانی خۆیان بیری لێدەکەنەوە ، لە زەینی خۆیاندا وەریدەگێڕن . بگرە هەندێ خوێندکار ڕەنگە وتارەکە بە عەرەبی بنووسن پاشان وەریدەگێڕن .
ب ـ بیر : فەرهەنگی (المعجم الوسیگ) کە لە (کۆڕی زمانی عەرەبی لە قاهیرە) دەرچووە ، دەڵێت (بیر) بریتییە لە ((خستنەگەڕی ئاوەزە لە شتە زانراوەکاندا بۆ گەیشتن بە زانینی شتە نەزانراوەکان)) . لەکاتێکدا کە پێناسەی (بیرکردنەوە) دەکات بەوەی (( خستنەگەڕی ئاوەزە لە کێشەیەکدا بۆ گەیشتن بە چارەسەرەکەی )) . هەروەك پێناسەی (بیر کراوە بەوەی کە بریتییە لە کۆمەڵێك وێنە و خەیاڵ و یادگاری و سەرنج کە دەکرێ بە هۆی زمانەوە گوزارشتی لێبکرێ ، هکلسکی نووسەری بەریتانی ناسراو ، دەڵێت : بیرکردنەوە هیچ بوونێکی نییە لە نەبوونی زماندا ئەویش ـ واتا زمان ـ بەشدارە لە داڕشتنەوەی بیردا هەروەك چۆن خودی بیر بەشدارە لە داڕشتنەوەی زماندا)[٢٠] .

**دووەم : کامیان لەپێشترە : زمان یان بیر ؟**

سایکۆلۆجیستەکان ناکۆکن لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەدا. هەندێکیان وادەبینن ـ وەك جلبرت ڕایل ـ کە لە پێش بیرکردنەوەدا دەبێت مرۆڤ فێری قسەکردن ببێت بە دەنگی بەرز . بۆ ڕاستی ڕایەکەی بەڵگەی ئەوە دەهێنێتەوە کە منداڵ لە پێشدا فێری زمان دەبێت پێش ئەوەی لە قۆناغێکی دواتردا فێری بیرکردنەوە ببێت لەگەڵ خۆیدا[٢١] .
لە کاتێکدا هەندێکی تر وای دەبینن کە گەشەی زەینی منداڵ بە سەربەخۆیی پێش دەکەوێت ، بەسیفەتێکی گشتی گەشەی زمان شوێنی دەکەوێت ، چونکە ئەستەمە لەسەر منداڵ کە لە گوزارشتی واژەیی تێبگات پێش ئەوەی بتوانن ئەو چەمکە بنەڕەتیەی کە ئەم گوزارشتەی لەسەر دەوەستێت تێبگات ، واتا ئەوان دەستەواژەی یان وشەگەلی (هەفتەی داهاتوو) و (ماڵ) و (مردن) تێناگەن[٢٢] .
بەڵام سایکۆلۆجیست (فیجوتسکی)[٢٣] وایدەبینێت کە بیرکردنەوە و زمان وەك دوو چالاکی جودا لەیەك دەستپێدەکەن ، و بیرکردنەوەی منال (کەم تەمەن) ئەچووێنرێ بەبیرکردنەوەی ئاژەڵ چونکە بەبێ زمان ڕوو دەدات . نموونەی ئەوەش ئەو منداڵەی کە هێشتا فێری قسە نەبووەو کەچی هەندێ کێشەی سانا چارەسەر دەکات وەك شت خواردن و دەرگاکردنەوە (واتا بیرکردنەوە بەبێ قسەکردن). لەلایەکی دیکەشەوە ، دەنگەکانی ژیرکردن (بەئبەئە) لەلای منداڵ ئەوانە قسەن بەبێ بیرکردنەوە ئاراستەکراون بۆ تێرکردنی مەبەستە کۆمەڵایەتییەکان وەك سەرنجڕاکێشان بۆلای خۆیان.

بەڵام خاڵی تەنگەبەر لە پەیوەندی بیرکردنەوە بە زمانەوە ئەو کاتە ڕوودەدات کە منداڵ دەگاتە دووساڵی تەمەنی . چونکە لەم تەمەنەدا دەبینین کە ئاراستەی بیرکردنەوە کە پێش زمان دەکەوێ و ئاراستەی زمان کە پێش بیرکردنەوە دەکەوێ بەیەك دەگەن و وابەستەی یەك دەبن بۆئەوەی جۆرێکی نوێ لە ڕەفتار دەست پێبکات، کە تیایدا بیرکردنەوە دەبێتە واژەیی و قسەکردنیش دەبێتە ئاوەزگەریی .

مایەی سوودلێوەرگرتنە کە بزانین کە هەتا تەمەنی حەوت ساڵ منداڵ توانای جیاکردنەوەی ئەو دوو ئەرکە ناوەکییە (بیرکردنەوە) و دەرەکییە (پەیوەندی کردنە)ی زمانی نییە ، بۆیە دیاردەی ((قسەکردنی بنکە کردوو بە دەوری خود))دا دێتە ئاراوە.

**سێیەم : ئایا دەکرێ بیر بکەینەوە بەبێ زمان ؟**

هەروەك چۆن زانایان لە وەڵامدانەوەی ئەوەی کامیان لە پێشترە : زمان یان بیردا دابەش بوون ، دیسان دەبینین لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەشدا دابەشبوون بۆ دوو گروپەوە، هەر یەکەیان بەڵگە و سەلمێنەری خۆی هەیە . گروپی یەکەم ئەفلاتوون نوێنەرایەتی دەکات لە کۆنەکان و زانای ئەمەریکی جون واتسون لە نوێیەکان . ئەم گروپە وای دەبینن کە بیرکردنەوە لە زمانێکی بێدەنگدا دەکرێ لە ڕووی واژە و ڕستەکانییەوە هەروەك ئەوەی ئەگەر مرۆڤ قسە لەگەڵ کەسێکی دیکەدا بکات[٢٤] . ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە وەرگرتنی زمان لەلایەن مرۆڤەوە مەرجێکە بۆ توانستی بەسەر بیرکردنەوەدا .

هەرچی گروپی دووەمیشە کە زانا هوتسینو فندلز نوێنەرایەتی دەکات وادەبینێ کە وەرگرتنی زمان مەرجێکی سەپاو نییە بۆ ڕوودانی بیرکردنەوە[٢٥] . بەڵگەشی بۆ ئەمە ئەوەیە کە مرۆڤی کەڕ توانستی بیرکردنەوەی هەیە چونکە هەست بە چواردەوری خۆی دەکات و بڕیار دەردەکات و ڕای خۆشی دەگۆڕێ . ئەو کەسە کەڕە بەهەموو ئەو کارانە هەڵدەستێ سەرەڕای ئەوەی کە یەك وشە نازانێ لە زمان و یەك وشەشی گوێ لێنەبووە لەوەتەی لەدایك بووە ، وێڕای وتنەکەشی . غندلر نموونەیەك دێنێتەوە بە ئەمیریکی هیلین کیلر کە ژنێکی کەڕ و لاڵ و کوێر بوو کەچی توانی بە هاوکاری پەروەردەکەرەکەی کە فێری خوێندنەوە و نووسین ببێت و بڕوانامەی بەکالۆریوس بەدەست بهێنێ و ببێتە گوتار بێژ و توێژەر و نووسەر .

کەواتە ، پەیوەندی چییە لە نێوان بیر یان بیرۆکە لەلایەکەوە و قسەکردن یان ئەو وشانەی بەکاریان دەهێنین بۆ گوزارشتکردن لەو بیرە یان ئەو بیرۆکەیە لەلایەکی ترەوە ؟ فییجوتسکی وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە دەڵێت : لە ڕاستیدا بیر ، بەپێچەوانەی قسەکردنەوە ، لە یەکەی جودا پێك نایەت . چونکە کاتێك دەمەوێ بیرۆکەیەك بگەیەنم : من ئەمڕۆ مناڵێکم بینی کە پێ خاوس بوو و کراسێکی شینی لەبەردا بوو بە شەقامەکەدا دەڕۆیی ، من هەموو بەشەکانی بەشێوەیەکی سەربەخۆ نابینم ، بەڵکو هەمووی لە تاکە بیرۆکەیەکدا دەبینم . کەواتە بیرۆکەکە هەمووی هەیە لە زەینیدا لەو کاتەدا ، بەڵام لە کاتی گوزارشت کردن لێیدا بە قسە دەبێت پێشخستن و پێشکەش بکرێ بەشێوەی بەدوایەکدا هاتن.

لە بواری خستنەڕووی پەیوەندی لە نێوان زمان و بیردا[٢٦] حجازی دەڵێت : ((ناتوانین زمان بناسین بەناسینێکی ڕاستەقینە تەنها کاتێك نەبێت کە هەستیار بین و بیربکەینەوە . ئەو سۆزەی کە هەستی پێدەکەین یان ئەو بیرۆکەیەی کە گێنگڵ دەدات لە هزرماندا بەشوێن وشەگەلێکدا دەگەڕێ کە تیایدا دەربکەوێ و بەرجەستە ببێ . ئێمەش لە سەرەتادا هەوڵ دەدەین کە گوزارشت لە هەست و بیرۆکەکانمان بکەین بە زمانێکی سانای سنووردار ، بەڵام ئەو کات دەزانین کە ئەوەی وتومانە پڕاوپڕ گوزارشت ناکات لەوەی مەبەستمانە ، بۆیە دووبارە بیردەکەینەوە و سەرلەنوێ دەخوێنینەوە و گفتوگۆ دەکەین ، بەمەش سامانی زمانەوانیمان گەشە دەکات و دەربڕینەکانمان

جیادەکرێنەوە بە سیفەتی وردی هەرکاتێك بیرۆکەکانمان جیاکرایەوە بە قووڵی و تایبەتمەندێتی ، هەتا دەگەینە ئەو ئاستەی کە تەنها ناوەستین بە وردییەوە، بەڵکو هەوڵ دەدەین بۆئەوەی زمانەکەشمان جیابکرێتەوە بە ڕەونەقداری و جوانیی)) . کەواتە قسە و بیرکردنەوە هەردووکیان چالاکن ، لە ڕێی کردارەوە تاك کاریگەر دەبێت لەسەر ژینگە ، بەو شێوەیە تاك لە ژینگە دەگات و ژینگەش کاری تێدەکات.

**چوارەم : هەندێ توێژینەوە و ئەزموونی تایبەت بە پەیوەندی نێوان زمان و بیر :**

١ـ هەردوو زانا کیرتز و هوفلاند هەستان بەدابەشکردنی کۆمەڵە منالێك بۆ دوو بەش ، بەشی یەکەمیان بازنەیەکیان کێشا ، لەسەر فۆرمێك ، بەدەوری کۆمەڵێك ناوی شتگەلێکەوە کە پێشکەشیان کرابوو ، لە کاتێکدا بەشی دووەمیان هەستان بە کێشانی بازنەیەك بە دەوری وێنەی ئەو شتانەی پێشکەشیان کرابوو . لەدوای تێپەڕبوونی هەفتەیەك ، بینیان کە کۆمەڵە منالی یەکەم باشترن لە کۆمەڵی دووەم لە بیرکەوتنەوە و ناسینەوەی ئەو شتانەی کە پێشکەشیان کرابوو . لەمەوە گەیشتنە ئەو ئاکامەی کە زمان یان وشە چەند جۆرێکی دیاریکراو لە بیرکردنەوە ئاسان دەکاتەوە.

٢ـ لە ساڵی ١٩٦٠ز کۆفر تاقیکردنەوەیەکی کرد لەسەر زانایەکی خۆبەخش ناوی سیمس بوو ، دەرمانێکی درایە کە بووە هۆی ئیفلیجی ماسولکەی تەواوەتی و کاتی ، بەسروشتی حاڵەکە بەجۆرێك کارەکە دەیخواست کە ئۆکسجین و هەناسەی دەستکردی بۆ بکرێت . لەدوای ماوەیەك سیمس نەیتوانی هەڵسێت بەهیچ وەڵامدانەوەیەکی بزاوتی یان دەنگی. بەڵام دوای ئەوەی هۆشی هاتەوە ، دانی بەوە دانا ، کە تەواو ئاگادارە ، هۆشی بەو شتانەوە هەیە کە لە دەوروبەری ڕوو دەدەن . هەروەها بیرکەوتنەوەی بۆ ئەو شتانەی کە پێی وترابوو یان بۆی کرابوو لە ماوەی ئیفلیجییە تەواوەتییەکەیدا تازیار بوو . دەیتوانی ، وەك دەردەکەوت ، چارەسەری هەندێ کێشەی ئاسان بکات ، ئەگەر ڕێگەی پەیوەندی کردن لەگەڵیدا هەبووایە ، لە ڕێگەی ئاماژەکردن بە پەنجەی دۆشاومژە بۆ نموونە ، ئەوەش پاش ئەوەی قسەی بۆ نەدەکرا . هەروەك وێنەی مۆخ یان شەپۆلەکانی تایبەتی مێشکی ئاسایی بوو لە کاتی ئەزموونەکەدا.

ئەم ئەزموونە مەسەلەی نەبوونی هۆگریی لە نێوان قسەکردن و بیرکردنەوەدا یەکلایی دەکاتەوە ، بەڵام بەتەنها لە نێوان زمان و بیرکردنەوەدا نا . چونکە قسەکردن پرۆسەیەکی فیزیکیی هەسپێکراوە کە دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی دەرچوونی دەنگی قسەکردن ، بەڵام زمان بریتییە لە سیستمێکی هەستپێنەکراو لە واتا و پێکهاتەی زمانەوانی. دەکرێ لەم ئەزموون و توێژینەوانەوە بگەینە ئەوەی ناکرێ بووترێ هاوشێوەیی و یەکانگیری (هۆگریی) هەیە لەنێوان بیرو زماندا لە هەموو حاڵەتەکاندا، یان لانی کەم ناکرێ بووترێ هاوشێوەیی هەیە لە نێوان بیرو زماندا . بەڵام نابێت ئەوەمان لەیاد بچێت کە زمان هەڵدەستێت بە ڕۆڵێکی گرنگی ئەوان لە بیرکردنەوە و هەندێ پرۆسەی زەینی و گەشەی زەینیدا.

**پێنچەم : ئایا سنوور هەیە بۆ بیرکردنەوە ؟**

هێزە هەستەوەرەکانی مرۆڤ سنووریان هەیە . ئەگەر هەوڵماندا وێنەی شتێکی بازنەیی و چوار گۆشە لەیەك کاتدا بکێشین لە مێشکماندا ئەوا ناتوانین ، ئەم شتەش جیاوازە لە گواستنەوەی خێراوە لە نێوان خەیاڵکردنی شکڵێکی بازنەیی و یەکێکی چوار گۆشەدا ، هەروەك جیاوازیشە لە خەیاڵکردنەوە لە شکڵێکی چوار گۆشە لە سەروو شکلێکی بازنەییەوە .

ـ ئایا دەتوانین وای دابنێن کە دوا شت کە مرۆڤ دۆزییەوە لە کەشکەشان دەکەوێتە دووری سێ ملیار ساڵی ڕووناکی[٢٧] ؟.

ـ ئايا دەتوانین خەیاڵی ئەوە بکەین کە زیاتر لە سەد هەزار ملیۆن کەشکەشانی ئەستێرەیی هەن کە لە هەر یەکەیاندا سەد هەزار ملیۆن خۆر هەیە بە پاشکۆکانییەوە[٢٨] ؟ .

ـ ئایا دەتوانین بە ئاسانی خەیاڵی ئەوە بکەین کە ژمارەی ئەو گەردیلانەی گازی هایدرۆجین کە لە یەك تاقە ئەستێرەدایە ، بریتییە لە ٦٠٠ هەزار ملیار ملیار گەردیلە ؟

**شەشەم : ئایا منالی تازە لەدایك بوو یان کۆرپەلە لە سکی دایکیدا بیردەکاتەوە ؟**

پێش نیو سەدە کەس بۆ ئەوە نەدەچوو کە منالی تازە لەدایك بوو دەتوانێت بیربکاتەوە . بەلام پێش چل ساڵ زانستێکی نوێ هاتە گۆڕێ کە تایبەت بوو بە لێکۆڵینەوەی هەموو ئەوانەی کە پەیوەستن بە منالی شیرەخۆرەوە . پسپۆڕان لەو زانستەدا ئەوەیان ڕاگەیاند کە منالی تازە لەدایك بوو بیر دەکاتەوە[٢٩] .

پرۆفیسۆر ڕوجیە لوکیە توێژەر لە بواری سایکۆلۆژیای منال لە باریس : پێش ئەوەی بڵێین کە منال لەکاتی لەدایکبوونیدا بیر دەکاتەوە ، پێویستە بگەینە ئەو شتانەی کە بیریان لێدەکاتەوە. ئەوەی زانراوە کە منال دوای لە دایکبوونی ڕاستەوخۆ دەتوانێت دەنگی دایکی بناسێتەوە چونکە گرتوویەتی و گوێ بیستی بووە لە مانگی پێنچەمی دووگیانییەوە . کەواتە منالی لەدایك بوو دەبیستێت و شیری دایکی بە چێژەوە دەخوات ، دەست لە شتەکانی دەوروبەری دەدات بە گرنگییەکی زۆرەوە و هەوڵ دەدات کە ئەو شتەی سەرنجی ڕادەکێشێ بۆ ماوەیەکی زۆر لە دەستەکانیدا بیهێڵێتەوە[٣٠] .

ڕینیە بابارجون توێژەر لە کیبیك لە کەنەدا دەڵێت : ((مندال لە تەمەنی پێنچ مانگییەوە پرەنسیپە فیزیاییەکانی زانستی فیزیای لایە ، هیچ شتێك نییە خۆشنوودی بکات ، بۆ نموونە ، کە بە هەڵواسراوی لە هەوادا بهێڵرێتەوە یان بە ڕێگەیەك هەڵبگیرێت کە هەست بە دڵنیایی نەکات ، یەکسەر پەنا دەبات بەوەی کە هەڵیگرتووە))[٣١] . زانا پسپۆڕەکانی ئەم زانستە نوێیە یان ئەم لقە نوێیە لە سایکۆلۆژیا دەڵێن : ((دەنگە بەراییەکان کە منال دەیبیستێت لە کاتی لەدایك بوونیدا بە تۆمارکراوی دەمێنێتەوە لە مێشکیدا و بەهیچ شێوەیە ناسڕێتەوە ، هەروەك ئەوەی تۆمارکرابێت لەسەر شریتێکی موگناتیسی وەك ئەوەی ئێمە دەنگ و زانیاری لەسەر تۆمار دەکەین لە کۆمبیوتەردا))[٣٢] .

زانایان قەتیس نەبوون لەسەر لێکۆڵینەوەی بیرکردنەوەی منال بەتەنها ، بەڵکو ئەوەیان تێپەڕاندووە بەرەو توێژینەوەی تر بۆ پێوانەکردنی (ژیری)ی کۆرپە و پێشبینیکردنی توانستە زەینیی و فێربوونی منالی تازە . هەندێ لە زانایان لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕەفتاری کۆرپە لە زانکۆی کوینز لە بلفاست ـ ئیرلندا ، بەدووی ئەوەدا چوون کە تێبینی کۆمەڵێك لە منالە تازە بووەکانیان بکەن ، لەدوای ئەوەی زنجیرەیەك تاقیکردنەوەیان ئەنجامدا لەسەریان کاتێك کە کۆرپەلە بوون لە سکی دایکیاندا . ئەم تاقیکردنەوانە بریتی بوو لەوەی هەندێ ئاگادارکەرەوەیان پێشکەش دەکردن لە دەنگ و مۆسیقا و شتی تر . زانایان تێبینی ئەوەیان کرد کە کۆرپەلەکە وەلامدانەوەی هەیە بۆ ئەم ئاگادارکەرەوانە بە گۆڕانێکی کەم لە لێدانی دڵیان ، ئەوە زانایان بە جۆری یەکەمی فێربوونیان ئەژمار کرد[٣٣] .

پرۆفیسۆر بیتر هیبر کە ڕابەری گروپی توێژەرەوەکانە لەم بوارەدا ، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە مێیەکان سەرکەوتووترن لە نێر لەم توانستەدا واتا کۆرپەلەی مێ هەر زانیارییەکی بدرێتێ دەیپارێزێت لە پێش کۆرپەلەی نێردا هەروەك دەرکەوت لە تاقیکردنەوەیەکدا کە بیست و چوار هەفتەی خایاند . چەمکی (لەبەرکردن) لێرەدا بریتییە لە وەلامدنەوەی کۆرپەلەکە لەگەڵ ئاگادارکەرەوەکاندا کە دەوەستێ دوای چەند ساتێك کاتێك کە ئەو ئاگادارکەرەوەیە یان ئەو دەنگە

دووباره دەبێتەوە ، ئەمەش واتای ئەوەیە کە کۆرپەلەکە زانیارییەکەی وەرگرتووە (لەبەری کردووە) و ئامادەیە بۆ وەرگرتنی شتی تریش[٣٤] .

سەرەڕای ئەوەی کە زۆربەی زانایان و لێکۆڵەرەوان کۆکن لەسەر ئەم بۆچوونە زانستییە نوێیانە ، بەڵام هەندێ لە پسپۆڕان ڕەتی دەکەنەوە لەناویشیاندا بۆ نموونە باسکال برونکس کە بیرۆکەی بیرکردنەوەی منالْ لە ساتی لەدایك بوونییەوە ، ڕەت دەکاتەوە . وەك بەهانەیەکیش بۆ ڕایەکەی خۆی دەڵێت منالْ تەنها هەست دەکات و کاریگەر دەبێت ، بەڵام بیرناکاتەوە چونکە مرۆڤ بوونی یان مرۆڤایەتیی بوون لەلای بە زمان دەست پێدەکات و هەروەها بیرۆکەی ڕاستەقینە نییە بەبێ وشە[٣٥] .

باسکالْ شتێکی تر زیاد دەکات کە بانگەشە دەکات بۆ هەڵوەستەکردن لە بەرانبەریدا بەدرێژی بۆ تێڕامانی. دەڵێت : (( لە بەختی چاکی مرۆڤە کە هەرچەند بگاتە ئاسۆکانی زانست ، ئەم قۆناغە لە تەمەن وەك نیمچە مەتەڵێك دەمێنێتەوە کە هەموو زانایان سەرسام دەکات))[٣٦] .

**ئەنجامی لێکۆڵینەوە**

لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەماندا گەیشتینە چەند ئەنجامێك ، گرنگترینیان :

١- زمان و بیر بابەتێکە لە بابەتەکانی زمانناسی دەروونی psycholinguistic کە گرنگی بە سیستەمی زمان دەدات لە ناو مێشکدا ، و دیراسەکردنی کاری زمان و بەرهەمهێنان و تێگەیشتن لە زمان دیارترین بابەتەکانی ئەو زانستە پێك دەهێنن .

٢- زمان و بیر تۆڕێکی پەیوەندی ئاڵۆز و تێکچڕژاو کۆیان دەکاتەوە ، بەشێوەیەك کە جیاکردنەوەیان گەر مەحالْ بێت ، ئەوا ئەستەمە ، هەر ئاڵۆزی ئەو پەیوەندییەش لەنێوان زمان و بیردا بووە هۆی ئەوەی کە زمانەوانان ، زانایان ، فەیلەسووفەکان زۆر لە مێژە لەوبارەوە خەریکی لێکۆڵینەوەبن .

٣- زمانناسان و زانایانی بواری (بایۆلۆژی biology و ئەنتۆرپۆلۆژی anthropology ..تد) سەبارەت بە پەیوەندی نێوان زمان و بیر تەبا نین ، لەم ڕووەوە بیروڕای جیاواز خراوەتە ڕوو ، بەلای ئێمەوە پەسەندترینیان ئەوەیە کە زمان پێش بیر دەکەوێت ، ئەمەش بە بەڵگەی فێربوونی زمانە لای مندالْ ، چونکە ئەو دۆخە بە سێ قۆناغدا تێدەپەڕێت ، قۆناغی دەستپێك کە تێیدا مندالْ تەنها هەندێ هێمای دەنگی و جەستەیی بەبێ بیرکردنەوە بەکاردەهێنێت ، و قۆناغی دووەم کە تێیدا مندالْ تەنها لاسایی دەوروبەری دەکاتەوە ، لە قۆناغی سێیەمی تەمەنیدا مندالْ بەبیرکردنەوە گوزارشت لە پێویستییەکانی دەکات .

٤- بەشێك لە زمانەوانان بڕوایان وایە ، کە زمان و بیر بەیەکەوە دەست پێدەکەن ، بەڵام وەك دوو چالاکی جیاواز ، دواتر پەیوەندیگەلێك وابەستەیان دەکات ، بەشێوەیەك کە هیچیان بەبێ ئەویتریان گەشە ناکات ، و توانای بەجێهێنانی ئەرکەکانیان نابێت .

پەراویزەکان

(١) ابن جني : الخصائص .

(٢) يحيى عبابنة ، علم اللغة المعاصر .

(٣) د.فؤاد مرعي : في اللغة والتفكير ، دار المدي للثقافة والنشر ، بغداد ، ٢٠٠٢، ص ٧ .

(٤) علي عبدالواحد : علم اللغة .

(٥) ابراهيم انيس ، في الاصوات اللغوية .

(٦) اسس علم اللغة ، ماريوباي ، ترجمة وتعليق ، د . أحمد مختار عمر ، ط ٨ ، عالم الكتب ، عمان ، الاردن .

(٧) ارنست دوبلهوفر ، رموز ومعجزات ، ترجمة د. عماد حاتم ، الدار العربية للكتاب ، ليبيا ، ١٩٨٣ ، ص ٦٧ .

(٨) ئةفلاتوون (٣٤٧ ــ ٤٢٨ث.ز) : فةيلةسوفيَكي يؤنانيية ، لةطةلَ سوكرات و ئةرستؤ ، بةيةكةوة دةذميَرين بة دامةزرينةراني ثرةنسيثة فةلسةفييةكاني كةلتووري رؤذئاوا. زؤربةى دانراوةكاني طفتوطؤن (dialogues) ، كة تيايدا باسي لة بابةتي جياواز كردووة، وةك بيركارى و راميارى و ثةروةردة و خؤشةويستي و هاوريَيةتي و ضاكة، بةناوبانطترين طفتوطؤكاني ئةفلاتوون بريتيية لة كتيَبي كؤمار The republic . كة تيايدا وينةى شارى ضاكةخوازى كيَشاوة ، وةك ئةوةى بةخةيالَيدا هاتووة ، ئةوةشي راطةياندووة كة ذانرى مرؤيي ضاك نابيَت تةنها كاتيَك نةبيَت كة فةيلةسووفةكان فةرمانرِةوا بن ، يان فةرمانرِةواكان ببنة فةيلةسوف.

(٩) هيراقليتؤس (٥٤٠ ــ٤٨٠ث.ز) : فةيلةفسوفيَكي يؤنانيية . بةشيَوازيكي ئالَؤز شتي نووسيوة ، سروشتي نيطةراني زالَة بةسةر نووسينةكانيدا ، بؤية بة فةيلةسووفي طرياو ناسراوة . هةريةك لة سوكرات و ئةفلاتوون و ئةرستؤ بة بيرؤكةكاني كاريطةربوون . وتوويةتي كة ئاطر جةوهةرى يةكةمة و لةوةوة بوونةوةر ثةيدا بووة . يةك كتيَبي داناوة ، كة نةطةيشتؤتة دةستمان تةنها ضةند بزيسكةيةكي نةبيَت . ميَذوونووسانيش كةميَك لة ذياني شارةزان .

(١٠) ئةرستؤ (ئةرستؤتاليس ٣٨٤ــ٣٢٢ث.ز) : فةيلةسووفيَكي يؤنانيية . خويندكارى ئةفلاتوون بووة و مامؤستاى ئةسكةندةرى مةقدؤنيية. فةلسةفةكةى ئاراستةيةكي جياوازى طرتؤتة بةر لة يؤتؤبياكةى (ئايدياليسمييةكةى) ئةفلاتوون ، طرنطييةكةى هيَدى هيَدى زياديكرد ، بة زانست و دياردةكاني سروشت ، ئةرستؤ بةيةكيَك لة مةزنترين فةيلةسووفةكاني دنيا دادةنريت ، جيَكةوتةكةى ئاشةكشةى كرد لة هةموو ئةوانةى لة دواى ئةوةوة هاتن ، هةتا سةردةمي نوىَ .

(١١) ديمقريتوس (٤٦٠ ــ٣٧٠ث.ز) : فةيلةسووفيَكي يؤنانية، خويندكارى لوسيبوس بووة، تيؤرة طةرديلةييةكةى بونيادنا و طةشةى ثيَدا. وتي جةستةكان ثيَكدين لة طةرديلةى طونجاو لةطةلَ يةك لة سروشتياندا ، بةلاَم جياواز لة شكلَ و ريَكخستن و قةبارةدا ، هةروةها لة كيَشةوة . لة نووسينةكانيدا ، كة دةطاتة حةفتا و سيَ و تةنها ضةند بزيسكةيةكي ليَماوةتةوة ، باسي لة لقةكاني مةعريفةى مرؤيي دةكات بة جياوازييانةوة. بة فةيلسووفي ثيَكةني و بانط دةكرا بةهؤى خووى شادييةوة .

(١٢) ئادةم سمس (١٧٢٣ــ١٧٩٠) : فةيلةسووفيَكي كؤمةلاَيةتيية و زانايةكي ئابووريناسي ئسكؤتلنديية. بة دامةزرينةرى زانستي ئابوورى كلاسيكي دادةنريت. بانطةشةى دةكرد بؤ دةستثيَشخةرى تاكرِةوى و كيَشمةكيَش و ئازادى بازرطاني ، بةوثيَيةى كة ريطةيةكي ضاكة بؤ بةدةستهيَناني طةورةترين ئةندازة لة سامان و خؤشي . طرنطترين بةرهةمةكاني كتيَبيَكة بة ناوى ((ليَكولَينةوةيةك لة سروشتي ساماني طةلان و فاكتةرةكاني)) (سالَي ١٧٧٦) ناوبانطي بة ناوة كورتكراوةكةى دةركردووة كة (ساماني طةلان)ة.

(١٣) داروين ، تشارلز روبرت (١٨٠٩ ــ ١٨٨٢) : زانايةكي سروشتناسي بةريتانيية ، بة بةناوبانطترين زاناياني سروشت ناسي سةدةى نؤزدة دادةنريت ، دوورترينيانة لة كاريطةريدا لة بيركردنةوةى زانستي و ئاييندا. طةشتيَكي دةريايي ئةنجامدا (١٨٣١ــ١٨٣٩) كة تيايدا سةرداني كةنداوةكاني سةرى سةوزى

كةنارةكاني ئةمريكاى باشوور كردووة . زانيارى زؤرى كؤكردةوة لةمةر رووةك و ئاذةلَ و سروشتة جيؤلؤجييةكةى . ئةم طةشتةى بوو بة رووطةيةك بؤ ليكؤلَينةوة فراوانةكاني ، كة دواتر دةرئةنجامةكاني دارِشتةوة ، لة تيؤرِيية داروينييةكةيدا. بةناوبانطترين بةرهةمةكاني (أصل الانواع/ نةذادي جؤرةكان) سالَي ١٨٩٥.

(١٤) أف (ئؤف) : ناوى كردارى داخوازيية ، واتاماناى كردارى رِانةبردوو دةطةيةنيَت و واتا : بيَزارم .

(١٥) ئةبيقؤرى ، ئايينزاى ئةبيقؤرى : ئايينزايةكة كة فةيلةسوفي يؤناني ئةبيقؤر دايمةزراندووة ، ئةو دةلَيَت كة ضيَذ وةرطرتن بلندترينة ، مةبةست لة ضيَذ لةم ئايينزايةدا ـــ بةثيَضةوانةى ئةوةى بلاَوة ـــ بريتيية لة رِزطاربوون لة ئازار و هةجيي سؤزدارى . ئةبيقؤر جةختي كردةوة كة ئةم ضيَذة ، تةواو نابيَت لة رِيطةى نقوم بوون لة ضيَذة هةستثيَكراوةكاندا ، بةلَكو بة ثيادةكردني ضاكة ديَتة دى .

(١٦) ماكس موللر (١٨٢٣ـــ١٩٠٠) : رِؤذهةلاَتناسيكي بةريتانيي و زانايةكي زمانةوانيية . لة ئةلَمانيا لة دايك بووة . ئةفسانةكاني ثؤلَين كردووة بةثيَي ئةو مةبةستةي كة ئامانجي بوو و تويذينةوةى بةراوردكارى لةسةر ئايين كردووة . بةناوبانطترين بةرهةمةكاني (دةستطوتارطةليَك لة زانستي زماندا) (١٨٦١ـــ١٨٦٣) و (دةروازةيةك بؤ زانستي زمان) (١٨٧٣) .

(١٧) ابن جنى ، الخصائص (في فقة اللغة) ، تحقيق محمد علي النجار ، ١٩٥٥ .

(١٨) رِةواقي : ئايينزايةكي فةلسةفيية ، كة فةيلةسوفي يؤناني زينون سيشومي دايمةزراندوة لة دةوروبةرى سالاَني ٣٠٠ ث.ز. دةلَيَت : جيهان سةرجةميَكي ئؤرطانيكيية ، كة هيَزى كاريطةى خواى تيَداية و سةرى حيكمةتيش ناسيني ئةم سةرجةمةية ، لةطةلَ جةخت كردنةوة لةوةى كة مرؤظ ناتوانيَت هةست بةم ناسينة بكات ، تةنها كاتيَك نةبيَت كة سةركوتي ثةلهاويذى سؤزةكاني نةبيَت و لة هةلَضوون رزطارى نةبيَت ، رِةواقييةكان بانطةشة دةكةن بؤ هاوطونجان لةطةلَ سروشتدا و ئارامطرتن لةسةر دةردةسةرييةكان و وةرطرتني لقةكاني ضاكة ، ضونكة ضاكة بريتيية لة ويستي خوا . لة بةناوبانطترين رِةواقييةكانيش ، لة سةردةمي رِؤمانييةكاندا ، سنيكا و ماركؤس ئوريليؤس .

(١٩) بروانة ، بؤ نموونة : محمد علي الخولية ، معجم علم اللغة النظرى ، مكتبة لبنان ، ١٩٨٢م.

(٢٠) د.خليل ابراهيم : مدخل الى علم اللغة ، ط١ ، مطبعة المسيرة للنشر والتوزيع ، عمان ، الاردن ، ٢٠١٠ ، ص ٤١ .

(٢١) احمد شوقي رضوان ، عثمان بن صالح الفريح ، الرياض : جامعة سعود ، ط ٣ ، ١٩٩١ م ، ص ٧ .

(٢٢) جوديث جريت : التفكير واللغة ، ترجمة : عبدالرحمن عبدالعزيز العبدان ، الرياض : دار عالم الكتب ، ١٤١٠هـ (١٩٩٠م) ، ص ١١١ .

(٢٣) هةمان سةرضاوة ، ل ١١٩ .

(٢٤) هةمان سةرضاوةي ثيشوو : احمد شوقي رضوان ، عثمان بن صالح الفريح ، ، ل ٦.

(٢٥) هةمان سةرضاوة ، ل ٧ ـــ ٨ .

(٢٦) احمد عبدالمعطي حجازى ، ((علموا اولادكم الشعر)) ، صحيفة الاهرام ، القاهيرة ، ١٩٩٥/٦/١٤، ص ١٦ .

(٢٧) عبدالسلام المسدى ، (( اللغة الاداة )) ، السعودية ، جريدة الرياض ، ملحق ثقافة اليوم ، العدد ٩٦٩١ ، ٤ شعبان ١٤١٥ (١٩٩٥/١/٥م) .

(٢٨) مصطفى محمود ، السر الاعظم ، دار العودة ـــ بيروت ، لبنان ، ص ١٠٢.

(٢٩) هبة لوزة ، ((الطفل حديث الولادة يفكر ويحلم ويتفاعل)) ، الاهرام ، ١٩٩٤/١١/١١م ، ص٧ .

(٣٠) هةمان سةرضاوة .

(٣١) هةمان سةرضاوةي ثيَشوو .

(٣٢) هةمان سةرضاوةي ثيشوو .

(٣٣) ((الجنين يبدأ التعلم في رحم أمه)) ، جريدة الرياض ، (١٩٩٥/٤/٦) ، ص٣٤.

(٣٤) هةمان سةرضاوة .

(٣٥) هبة لوزة ، ((الطفل حديث الولادة يفكر و يحلم ويتفاعل)) ، الاهرام ، ١٩٩٤/١١/١١م ،ص ٧.

(٣٦) هةمان سةرضاوة .

سةرضاوةكان
(١) بة زمانى عةرةبى :
١ـ إبراهيم أنيس ( د. ) ، اللهجات العربية ، القاهرة ، ١٩٥٢ .
٢ـ السيوطى ، المزهر فى علوم اللغة وأنواعها ، بيروت ، لبنان ، ط ١ ، ١٩٩٨ .
٣ـ أضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة ، نايف خرما ، كويت ، ١٩٧٩م ، ط ٢ .
٤ـ بحوث في اللغة والفكر ، د. إبراهيم عبدالله رفيدة ، ط ١ ، ٢٠٠٥م .
٥ـ جوديت جرين ، التفكير واللغة ، ت : عبدالرحمن عبدالعزيز العبدان ، الرياض ، دار عالم الكتب ، ١٩٩٠ م ، ص ١١١ .
٦ـ دي بوجراند (روبرت) ، النص والخطاب والإجراء ، ترجمة د. تمام حسان ، القاهرة ، ١٩٩٨,
٧ـ سعيد بحيري ( د. ) ، علم لغة النص ، لونجمان ، ١٩٩٧ .
٨ـ كمال بشر ( د. ) ، علم اللغة الاجتماعى : مدخل ، القاهرة ، ١٩٩٤,
٩ـ فندريس ، اللغة ، ترجمة عبد الحميد الدواخلى ومحمد القصاص ، القاهرة ، ١٩٥٠,
١٠ـ فوك ، يوهان ، دراسات فى اللغة واللهجات والأساليب ، ترجمة د. عبد الحليم النجار ، القاهرة ، ١٩٥١,
١١ـ ليونز (جون) ، نظرية تشومسكى اللغوية ، ترجمة د. حلمى خليل . دار المعرفة الجامعية ، ١٩٩٥,
١٢ـ قحطان أحمد الظاهر ، صعوبات التعلم ، دار وائل للنشر والتوزيع ، عمان ، الأردن ، ٢٠٠٤,
١٣ـ خالد محمد أبو شعيرة وثائر أحمد غبارى، صعوبات التعلم بين النظرية والتطبيق، مكتبة المجتمع العربي ، ٢٠٠٩,
١٤ـ تعليم التفكير الناقد، قراءة في تجربة تربوية معاصرة ، عبدالعزيز عبدالقادر المغيصيب .
١٥ـ هيثم يوسف راشد الريموني، أثر البرامج التدريبية لذوى صعوبات التعلم، دار الحامد للنشر والتوزيع ، عمان ، الأردن ، ٢٠٠٨,
١٦ـ ماجدة بهاءالدين السيد عبيد، صعوبات التعلم وكيفية التعامل معها، دار صفاء للنشر والتوزيع، الأردن، عمان، ٢٠٠٩,
١٧ـ محي أحمد ( د.) ، الاتجاه الوظيفى ودوره فى تحليل اللغة ، مجلة عالم الفكر ، الكويت ١٩٨٩ .
١٨ـ مقدمة في فقه اللغة العربية واللغات السامية : د. عبدالفتاح عبدالعليم البركاوى ، الطبعة الثانية ، القاهرة .
١٩ـ مايبه (انطوان) ، علم اللسان ، ترجمة د. محمد مندور ضمن كتابه النقد المنهجى عند العرب ، دار نهضة مصر .
٢٠ـ د.ميشال زكريا، قضايا ألسنية تطبيقية : دراسات لغوية اجتماعية نفسية مع مقارنة تراثية، لبنان ، بيروت ١٩٩٣,
٢١ـ من قضايا اللغة العربية، النقد والبلاغة، د. عبد الرؤوف مخلوف ، الكويت : مكتبة الفلاح ،ط ١ ، ١٤٠١هـ ـ ١٩٨١م .
٢٢ ـ من أسرار اللغة ، الانجلو . ط ثالثة . القاهرة ، ١٩٦٦ .
٢٣ـ هبة الوزة ، الطفل الحديث الولادة يفكر ويحلم ويتفاعل ، الاهرام ١٩٩٤/١١/١١م ، ص ٧.
سةرضاوة بة زمانى كوردي
١ـ ضةند بابةتيكى زمانةوانى نويَ ، نووسينى: د. محمد رضا باطنى، وةرطيَرِانى هيَرش كةريم، ضاثخانةي رِةنج، سليَمانى، ٢٠١١,
٢ـ شةرِي زمان و سياسةتى زمانةوانى، لويس جان كالفيَ ، وةرطيَرِانى : بةهادين جةلال ، لة بلاَوكراوةكانى دةزطاي تويذينةوة و بلاَوكراوةكانى موكريانى ، هةوليَر ، ٢٠١٢ .
٣ـ هةنديك زانياري طشتى لة بارةي زمانةوة ، شاسوار هةرشةمى ، لة بلاَوكراوةكانى مةلَبةندي كوردولؤجى ، ضاثخانةي رِةنج ، سليَمانى ، ٢٠٠٩ .
طؤظار
١ـ زماناسى ، زمان و بير ، وةرطيَرِانى ، نةريمان خؤشناو ، ل ٩١ ، هةوليَر ٢٠٠٩ .

## الملخص باللغة العربية

د: محمد فاكالتي العلوم الانسانية والرياضة / جامعة كرميان

فاكالتي التربية / جامعة كرميان

اختلف العلماء عبر العصور في تحديد نشأة اللغة وأصل الكلام، مما أدى إلى ظهور عدة نظريات، وما من نظريّة إلا ولها معترضون يحاججون الطرف الآخر بالحجة والبرهان ، ولعلّ هذا الاختلاف ناتج عن تأخر أول نظريّة تتحدّث عن نشأة اللغة عند الإنسان الأوّل ، وما هذه النظريّات إلا اجتهادات تفتقر إلى الأدلّة الموضوعيّة ، ولذلك نقول للّذين يقولون بتواضع اللغة واصطلاحياً في تسمية الأشياء دون أيِّ علاقة منطقيّة بين الشيء واسمه ، لابد من وجود لغة عندهم يستخدمونها ، فبأيّ لغة كانوا يتواضعون !؟

أما اللذين يقولون بالتوقيف والإلهام فنقول لهم : كيف يتعلّم الإنسان ألفاظاً ولا يتعرّف مدلولاتها !؟ وحتى نظريّة الأصوات المسموعة لم تنطبق على كلّ الألفاظ والمفردات . لذلك لا بدّ من تداخل كل النظريّات التي تبحث في اللغة ونشأتها لنخرج بنظريّة واحدة ، لأن اللغة نتاج تفاعل الإنسان صاحب التفكير والفطنة والذكاء ، صاحب الغرائز والحاجات ، فلم ينفصل الإنسان عن الطبيعة ، فقد عرفها وتعامل معها في مأكله ومشربه وملبسه ، عاش فصول السنة وراقب الظواهر والتقلّبات الجويّة والطبيعيّة ، سمع الأصوات فحاكاها وهذه هي البداية ، ولأنّه كان يعيش ضمن الجماعة فلابدّ أن يكون هناك علاقات اجتماعيّة لا يمكن أن تتفاعل إلا بالتواصل من خلال الصوت أو الصراخ أو الإشارة للتعبير عن الحالات النفسيّة كالفرح والحزن والدهشة أن هذه العلاقة ساهمت في نموّ لغته عبر العصور وتناقلتها الأجيال بينها وأضافت ما يمكن إضافته من مدلولات صوتيّة ، ومع اشتداد الحاجة بدأ الإنسان صاحب الذّكاء يفكِّر باستخدام اللغة والعمل على توسُّعها .